Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.29 17:41:00 +01'00'

# مەسەلەی فیدرالیزم و رقی شۆڤینی

غازی حەسەن ئەمەریکا بریجپۆرت

سالآنێکی درێژە ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەکۆبوونەوەی نهێنی و لەدوای سالی ١٩٩١یشەوە بەشێوەیەکی ئاشکراو راشکاوانە مەرامی دوژمنکارانەی خۆیان دژی میللەتی کورد لەگەیشتن بەمافە نەتەوەیی و مرۆڤانیەکانیان دەردەبڕن، تەنیا کۆبوونەوەکانیان گەیشتۆتە ئەوەی شێوەو رەنگی شۆڤینی بەخۆیەوە بگرێت و بەدەر لەهەموو یاساو رێسایەکی سیاسی و نێودەولەتی و مرۆڤانە پیلان بۆ لەناوبردن و بەکۆیلە هێشتنەوەی کورد دادەڕێژن. ئەم پیلان و نەخشە شۆڤینیەی ئەم سێ ولاتەو هەندێك کۆنەپەرستی تری ناوچەکە دەیگێڕن دژی پرۆسەی دیموکراتی بوون و ئازادیيە سیاسیەکانە ، تەنیا دەست تێوەردان و هەڕەشە لەکاروباری کورد بەتایبەتی و ئەو یەکپارچەییەی خاکی عێراق کە رۆژانە بۆی دەگرین و هاتوهاواریانە بۆی.

هەڕەشەکانی ئەم ولاتانە تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی شۆڤینی دژی کوردو مەسەلەی فیدرالیزم نەوەستاوە ، بەپێچەوانەوە دەبێتە هەڕەشەیەکی نالەبارو راستەوخۆش بۆ ئارامی و سەقامگیری لەناو عێراق، هەر لێرەدا دەپرسین ئەم سێ ولاتەی بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکەن بۆچی داکۆکی لەگۆڕستانە بەکۆمەلەکان و کیمیاباران و زیندانی و بێسەرشوێنە گومکراواکان ناکەن.. هەروەها سوریا کەبانگەشەی یەکێتی خاکی عەرەبی !!!عێراقی دەکات بۆچی واز لەبەناو خاکی عەرەبی و مافی نەتەوەیی دەهێنێت و دەچێت دەگەڵ تورکیای کەمالی کە کەلەگای ناوچەکە بووەو بەری چەند سالێك دەیەویست سوریا لەسەر نەخشە بسڕێتەوە هاوشان دەکەوێتە بانگەشەکردن بۆ لەناوبردنی خەونی مێژووی کورد، لەسەر چ بنەمایەك ئەوها بۆ دژایەتی کردنی دۆزی کورد بەراکردن دەچێتە باوەشی تورکیاو هەموو کەرامەتی (دەولەت و عەرەبایەتی) پشت گوێ دەخات و هاواری لەناوبردنی دۆزی کوردستان دەکات. هەروەها کەباسی سەربەخۆیی عێراق دەکات بۆچی لەسەر کەرکوکی خاوەن نەوت نایێتە دەنگ کەتورکیا و تورکەکان بە خاك و ولاتی تورکمانی دەدەنێن و بەئاشکرا چاویان لێبڕیوە، بەلێ ئەمە هاوکاریی ئەم دەولەتە شۆڤینیانەیە بۆ دابڕان لەبەهای سیاسی و مرۆڤایەتی . تاچەند دەتوانن بەم هەلوێستە تەژی لەگومان وسیاسەتی بێ ئاکام و بەخەیالی سیاسەتی کلاسیکی خۆیان پێش لەمەترسیەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە بگرن.

دەبێت ئیران کە بەشێکە لە هاوکێشەی پەیوەندی و دۆستایەتی شیعەی چەوساوەی دەستی بەعسیزم چتۆ هەنگاوێك بگرێتە بەر کە بەر کەلەهەموو کەسێك دەبێت مساوەمە لەسەر مافی دینی و مرۆڤانەی برا شیعەکانی

بکات ،بەرامبەر دژایەتی کردنی کوردی موسلمانی هەزارەها مزگەوت لێکاولکراوی قورئان لێسوتێندراوی دەستی بەعسیان ، ئەو بەعسیانەی تاسەر ئێسکانیان نقومی شۆڤینیەت و فاشیەت بوون و ساڵانێکی درێژیش کەوتنە شەڕی دژ بە شۆڕشی ئیسلامی ئیران.

تورکیا لەهەر دەولەتێك توندوتیژترە لەدژی مەسەلەی کوردو تەنیا نەکەوتۆتە کوشتاری کوردانی کوردستانی باکور ، نەخێر ئامادەیە بەسەخترین شێوازیش هەولی لەناوبردنی دۆزی کوردستان بدەن .
سوریا لەروانگەی عەرەبی گەرەکیە بەرلە ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی کوردان بگرێت کەساڵانێکی درێژە دۆستایەتی لەگەڵ خودی کوردان دژی بەعسی لێکجیابووەی خۆی هەیە، مەسەلەی فیدرالیزم مەسەلەیەکی ناوەخۆییەو هەقی هیچ وڵاتێکی دەرودراوسێ و ئەوانی تر نییە بەم شێوە دژوارە بکەونە هەماهەنگی و تەنازولات بۆ یەکتر لەدژی ماقەکانی کورد، بێ ئەوەی ئاوڕێك لەمەلەفە تەژی لە تاوان و پێشێلکارییەکانی خۆیان بدەنەوە کە بەرامبەر گەلی کوردو هاوڵاتیانی هاوزمانی خۆشیان لەبوارە جیاکانی مافی مرۆڤ و مەدەنی ئەنجامیان داوە.

لەم چەند رۆژەی رابردوودا لەئاکامی سەردانی سەرۆکی سوری بەشار ئەسەد بۆ تورکیاو داوای دژایەتی مافی فیدرالیزمی کورد، جارێکی تر رقی کۆنینەی ئەم وڵاتانەی بەرامبەر دۆزی کورد هێنایەوە مەیدانێ ، راستە هیچ کاتێك ئەم وڵاتانە لەپیلان نانەوە دژی گەلی کورد نەوەستاون ، بەلکە دیسانەکینێ مەسەلەکەیان بە شێوەیەکی زۆر جدی و راشکاوانە خستۆتەوە سەر مێزی سیاسی و سازشکاری تادەگاتە چوونە قاوغی شۆڤینی ، کە تەنیا ئامانجیان پێشگرتنە لەمەسەلەی کورد.

دەمێکە ئەم وڵاتانە لەپێناو لەناوبردنی دۆزی کورد ئامادەی مساوەمەو سازشی مەزن مەزن لەئاستی نێودەولەتی و هەرێمایەتی، بەڵام لەبیریان دەچێت چارەنووسی هەموو پیلان و نەخشەیەکی نارەوا چەند سەخت و درێژیش بێت ، هەر ریسواییە. لەبیریان چووە کە پرۆژە کۆنەکانیان بۆ داکۆکی کردن لەدەسەڵاتی دیکتاتۆری و دواکەوتن ناتوانێت هەتا سەر بەرامبەر ئازادی و دیموکراسی و مافی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بوەستێت. تەنیا شتێك کەگەلی کورد هەمیشە بەپرسیارو لێوردبوونەوە مامەلەی دەگەڵدا دەکات ئەویش مەسەلەی دۆستایەتی کوردە دەگەڵ وڵاتە یەککرتوەکانی ئەمەریکا ، تەنیا دۆستایەتیەکەك چۆتە حالەتێکی باڵاو لەئاستی میللیش پێشوازیەکی گەرمی لێدەکرێت . دیارە ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە، یەکێك لەم هۆکارانە خودی هەڵوێست وهەڵچوون و قیژەو رقی کۆنینەی ئەو وڵاتانەیە ( سوریاو تورکیاو ئیران) کەرۆژبەرۆژ نالەبارترو بەهێزتر دەبێت . لەبەرامبەر ئەوەشدا دۆستایەتی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە دەگەڵ ئەمەریکاو بەریتانیا، لەهەمان گاڤیشدا کورد پەنا وەبەر دانبەخۆداگرتن و دیموکراسی بوون و کاری

مێژوو کردە دەبات وپرۆژەی شۆڤێنیش گەرەکیە پێش لە پرۆسەی دیموکراتی بوونی عێراق بگرێت . مەسەلەکەی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە لێرە دەست پێدەکات ئایا ئەمەریکا جارێکی تر دەچێتە ژێر فشارو مناوەراتی ئەم وڵاتانە و واز لەپرۆژەی دیموکراتبوونی عێراق دەهێنێت و پێش هەمووشیان سازش لەسەر رەمزی دیموکراتی بوون مەسەلەی کوردو فیدرالیزم دەکات، بەرامبەر خواستی دیکتاتۆری و شۆڤێنی لەناوچەکەدا.یاخود ڕێگەی سەختی بیناکردنی دیموکرایەت و گێڕانەوەی کەرامەتی ئازادییە سیاسیەکان و هەڵبژاردنی ژیانێکی ئاسودە لەلایەن گەلانی عێراق و بەتایبەتیش گەلی کورد هەڵدەبژێرێت ،بێگومان هەردوو ڕێگە بۆ ئەمەریکا سەختە ، بەڵام ڕێگەی دووەم کە سەخترە لە هی یەکەم بوارێکی ستراتیژی دوورو ئامانجێکی سیاسی رونی لەپشتەو مامەلە دەگەڵ دۆزی میلەتان و دیموکراتی بوون و هاوکاری دەگەڵ گەلان دەگرێتەوە، بۆیەشە لەسەردەمی دیموکراسیەتدا ڕێگەی یەکەم شانسی سەرکەوتنی زۆرترە. ڕێگەی یەکەمیش سەلاندویەتی تەنیا مامەلە دەگەڵ پرۆژەی سیاسی بەرتەسك و دیکتاتۆری دەکات و ئەم سیاسەتەش بەکردوەوە فەشەلی هێناوە کە لەچوارچێوەی هاوکاری و دۆستایەتی حکومەتەکان دەوەستێت و پیشم وایە ئەمەریکا لەم بوارەدا ئەزمونی زۆری هەیە. کورد لەسەر ئەم بنەمایە چاوی بڕیوەتە دۆستایەتی و هاوکاری کردن دەگەڵ ئەمەریکاو لەم روانگەیەشەوە دەتوانێت ببێتە هێزێکی کارا لە بنیات نانی دیموکراتی لە عێراقی ئایندەی پەرلەمانی و فیدرالی.